# پەڕینەوە لە غوبار..
# کوردەکان "سەدام"ی ونبوو دەگەڕێننەوە

**و: سەنگەر زراری**
Sangarz81@yahoo.com



ڕێژەیەکی کەمی فیلمی کوردی هەن, تا ئێستا نەگەیشتوونەتە دە فیلم(نووسەر تەنها مەبەستی ئەو فیلمانەیە کە لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا بەشداریان کردووە– و), بەڵام ئەو ڕێژەیەی کە هەیە لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا بە گەرمی پێشوازیان لێکراوە و لەمیانەی بەشداریکردنەکان و نمایشکردنیان بۆ جەماوەر گفتوگۆ و دیالۆگی بەرفراوانیان دروستکردووە. کەمجار پێچەوانەی ئەمە ڕوویداوە, لەگەڵ ئەمەشدا بەدەر لەوەی کە ناوەرۆکەکانیان چییە و ئایا ئێمە لەگەڵ ناوەرۆکی فیلمەکاندا هاوڕاین یان نا؟ بەهایەکی گەورەی سینەماییان بەدەستهێناوە, ئەویش بەوهۆیەی کە ئەوەی پێشکەشی دەکەن لە ڕوانگەیەکی سینەمایی جیاوازە, ئەزموونێکی نوێیە و لە تێڕوانیی خاوەنەکانیانەوە رابردووی کورد بە واقعی نمایش دەکەن.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا, فیلمی "پەڕینەوە لە غوبار"ی دەرهێنەری کورد "شەوکەت ئەمین کورکی", تەنها بەکارێکی سینەمایی دانانرێ کە پێشنیاری چارەسەرکردنی ڕووداوێکی مرۆیی دەکات, ڕووداوی ونبوونی منداڵێك بەناوی "سەدام" کە دوو چەکداری هێزە کوردییەکان دەیدۆزنەوە, بەڵکو دەبێ هەوڵدەین بچینە ناو فیلمەکە و بەقسەی بێنین, بۆئەوەی بزانین چ هەڵوێستێکی پێشکەشکردووە و لەچی بەدوور کەوتۆتەوە؟.

گرنگی فیلمەکە لەوەدا نییە کە لێکچوونێك هەیە لە نێوان ناوی منداڵە ونبووەکە کە ناوی "سەدام"ە, لەگەڵ "سەدام"ی سەرۆکی لەناوچوو و لەسێدارەدراو, بەڵکو گرنگییەکەی لە دەرهاوێشتەی ئەو حاڵەتی تێکشکان و حاڵەتە هێماییەیە کە سینەما بە توانا و لێهاتووی خۆی لەخۆیدا هەڵیگرتووە, سەرەڕای ئەو هەڵوێستانەی کە دەرهێنەرەکە مەبەستی بووە پێشکەشیان بکات, ئەویش وێناکردنی لایەنەکانی بەرامبەر" واتا ئەمەریکییەکان و عەرەبەسوونەکان, هەروەها وێناکردنی کوردیش لەسەرەتا و کۆتاییدا.

***"سەدام" و "ئازاد" و "ڕەشید"***

فیلمەکە لەبەرەبەیانی یەکێك لە سەربازگەکانی هێزی پێشمەرگە دەست پێدەکات, دوو سەرباز لە ڕێگای شاشەی تەلەفزیۆنەوە, سەیری تێکشکانی پەیکەری "سەدام" دەکەن, ئەمەش وەکو نیشانەیەك بۆ ڕۆژی گرتنەوەی بەغدا, لەخۆشی تێکشکانی دیکتاتۆر, دەنگ و هاواری گۆرانی و خۆشی و شادی بەرز دەبێتەوە, "ئازاد" و "ڕەشید" لەنێو دەنگی تەقەدا ئەرکی ئەوەیان لەسەرە خواردن بۆ ئەو چەکدارە کوردانە ببەن کە هاوشانی هێزی داگیرکەر دەجەنگن, لەمیانەی گەشتە مەترسیدارەکەیاندا منداڵێکی ونبووی بچووك دەدۆزنەوە و منداڵەکە تووشی "ئازاد" دەبێت, ئەو هەوڵ دەدات خانەوادەکەی بدۆزێتەوە, منداڵەکە دەگری و برسییەتی, وڵات تووشی جەنگ دەبێت, ئەمەش وا لە "ئازاد" دەکات کە خۆی بکات بە خاوەنی منداڵەکە, بەڵام "ڕەشید"ی هاوڕێی پێیناخۆشە و ڕەتی دەکاتەوە, بە تێپەڕینی ڕووداوەکانی فیلمەکە دەبینین کە "ڕەشید" ڕقی لە منداڵەکەیە و خۆشی ناوێت, هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بە پرۆسەی ئەنفالەوە هەیە کە خەڵکی گوندەکەی ئەوی تێدا کوژراوە و ئەویش بەم هۆیەوە لاقەکانی تووشی ناتەواوی هاتوون.

لەڕێگادا بۆیان ئاشکرا دەبێت کە منداڵەکە ناوی "سەدام"ە, ئەمەش "ئازاد" تووشی پێکەنینێکی زۆر دەکات و لەبەرامبەریشدا ڕق و تووڕەیی"ڕەشید" زیاتر دەبێت.

ئەوان هەوڵ دەدەن کە منداڵەکە ببەنە بارەگای هێزی ئەمەریکییەکان, بەڵام ئەمەریکییەکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە لای خۆیانی بێڵنەوە, دەیبەنە

بەردەم یەکێك لە مزگەوتەکان و ئەوانیش قبوڵی ناکەن کە لەوێ بێت. لەبەرامبەر ئەمانەدا دایك و باوکی منداڵەکە، بێبڕانەوە بە دوای منداڵەکەیاندا دەگەڕێن، باوکەکە لەوە پەشیمانە کە کوڕەکەی ناو ناوە "سەدام" و ئێستاش "سەدام" بەر نەفرەت کەوتووە، بەهەمان هۆ دایکەکەش سەرکۆنەی مێردەکەی دەکات و بەڵێن دەدات کە ئەگەر منداڵەکەیان بە زیندووی دۆزیەوە ناوی بگۆڕێت. لەکاتی گەڕان و سووڕانی دوو سەربازە کوردەکەدا، فارگۆنە سەربازییەکەیان لێ دەدزرێ، دەکەونە ناو بۆسەیەکی "فیدائییانی سەدام"ەوە و "فیدائییەکانی سەدام"، منداڵەکە دەڕفێنن و لە یەکێك لە شەقامە ترسناکەکانی فڕێ دەدەن، "ئازاد" بەدوای منداڵەکەدا دەچێت و لەم سەروبەندەدا دەکوژرێت، "رەشید" تەرمی هاوڕێیەکەی هەڵدەگرێت و بەگریان بەرەو سەربازگەکە دەگەڕێتەوە، لەکاتی گەڕانەوەدا "رەشید" منداڵەکە لەبەردەمی خۆیدا دەبینێت، پاش دوودڵییەکی کەم، بڕیاردەدات راوەستێت و منداڵەکە لەگەڵ خۆیدا ببات.

## *سینەمای ریالیستی*

بەم دیمەنانە کۆتایی بە فیلمەکە دێت کە لەیەك کاتدا نموونەی فیلمی رێگا و فیلمی ریالیستییە، فیلمەکە لە زەمەنی واقیعدا رۆژێکی تەواو دەخایەنێ، رووداوەکانی لە بەیانییەوە دەست پێدەکات و لە ئێوارەش کۆتایی دێت، وێنەی رووداوەکان لەسەروبەندی جەنگی ئەمەریکییەکانە بۆ سەر عێراق لە ساڵی(2003)دا، کارەکە دەربڕی فیلمی رێگایە، گەشتی دوو سەربازە لە سەربازگەکەیانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەبێ چەکدارەکانی کەتیبەکەی خۆیانی لێ بدۆزنەوە، ئەمەش جۆری فیلمی سینەمایی ریالیستییە، ئەم جۆرە فیلمە بە پاڵپشتی پێدراوە راستەقینەکان لە رووی رووداوەکان و شوێنەکانی وێنەگرتن و توانا هونەرییەکان و ئەو رووداوانەی بەڕاستی لەسەرزەمینی جەنگدا روودەدەن، کێشەی واقیعییەکان دەگرێتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر وێنە و هەڵوێستی سیاسی تێدایە کە دەرهێنەر هەوڵ دەدات لەگەڵ چیرۆکێکی مرۆیی تێکەڵی بکات، چیرۆکێکی مرۆیی لە ناو کەشوهەوایەکی سیاسی ئێستایی بەدیار دەکەوێت، لەناو کەشوهەوای ئەو جەنگەی کە تا ئێستاش پاشماوە ترسناکەکانی دەبینرێ. هەروەها نیشاندانی بارودۆخێکی خراپ و ناخۆش کە بەشێکە لە رابردوو، لە دیمەنێکی "فلاشباگ" دا "رەشید" بەدیار دەکەوێت کە لە پرۆسەی ئەنفال رزگاری دەبێت، ئەو پرۆسەیەی ساڵی (1987) بەسەر گوندە کوردییەکاندا هات.

## *ئیدانەکردنی "سەدام"*

فیلمەکە ئیدانەکردنی "سەدام"ی تێدایە کە وا بەدیار دەکەوێت بەرپرسە لە پرۆسەی ئەنفال، کارەکە لێرە ناوەستێ، بەڵکو تاوانەکانی درێژ دەبنەوە و کاریگەری دەخەنە سەر "سەدام"ی منداڵ و تووشی مامەڵەکردنێکی خراپ دەبێت لەلایەن "رەشید"ەوە بەهۆی هاوشێوەیی ناو و لەبەرئەوەش کە عەرەبە.

هەروەها فیلمەکە وێنەیەکی تەواو ناشرینی "فیدائیانی سەدام" نیشان دەدات، وا بەدیار دەکەون کە تاوانبارن نەك بەرگریکار لە وڵاتەکەیان، خۆیان لەناو جلی ئافرەتانەدا دەشارنەوە، بۆئەوەی دوژمنە کوردەکانیان بکوژن، لەوە سڵ ناکەنەوە کە منداڵی "ونبوو" بێبەزەییانە فڕێدەنە شوێنی مەترسیدار لەپێناو جێبەجێکردنی فەرمانی سەرکردایەتی، ئەم رەحم و بەزەییەش لە لایەن "رەشید"ەوە دروست دەبێت، تەنانەت دوای ئەوەش کە "فیدائیانی سەدام"، "ئازاد"ی هاوڕێی دەکوژن، ئەو "سەدام"ی منداڵ هەڵدەگرێتەوە، بەمەبەستی پاراستنی و دۆزینەوەی کەسوکاری.

بەڵام فیلمەکە هەوڵ نادات کە ئیدانەی هێزی دوژمن بکات، سەربازێکی ئەمەریکی-وەکو بەدیاردەکەوێت- خۆی ئامادەدەکات، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو گوللانەی ئاراستەی دەکرێ، وابەدیار دەکەوێ کە ئاشتیخوازە نەك شەڕخواز، خۆی دەپارێزێت، هەبوونیشی لەم ناوچەیەدا بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و کوشتنی "فیدائییانی سەدام"ە.

دیارە کە فیلمەکە پڕە لە فارگۆنی گەورە و تێکچوو، بەبەراورد لەگەڵ واقیعدا دەبینین کە دژکاری هەیە، لە فیلمەکەدا "سەدام" هاوبەرامبەرە بە گەلی عێراقی، قوربانییە و بەقەدەرئەوەش تاوانبارە، حەقییەتی کە ئەو مامەڵە خراپەی لەگەڵدا بکرێت لەلایەن "رەشید"ەوە بەهۆی هاوشێوەیی ناو، لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕان لەم هەستی تووڕیی و رقلێبوونەوە دروست دەبێت و پێچەوانە دەبێتەوە، لەبەرامبەر ئەم چیرۆکە مرۆییە دەتووێتەوە بۆئەوەی بە تەواوی ببێتە یەك، ئەمەش ئەوەیە کە لە واقیعدا کاریگەری نابینرێ، کوردستان وەکو دەوڵەتێکی تەواو جیاواز لە عێراق بەدیار دەکەوێت، یان وەکو ئەوەی خەریکە جیابێتەوە و بەدوورە لەو فیتنە تایفییەی کە لە عێراقدا هەیە.

هەروەها فیلمەکە لەو لایەنە دەکەوێتە هەڵەوە کە هەندێ رووداو دەخاتە ڕوو بۆ برەودان بە ئیدانەکردنی "سەدام" و وروژاندنی هەست و سۆزی

کورد, کۆمەڵێکی زۆری کورد پیشان دەدات کە زەوی هەڵدەکۆڵن و بەدوای گۆڕی بەکۆمەڵی خزم و کەسوکاریاندا دەگەڕێن, ئەمە لەکاتێکدا کە شەڕ لەوپەڕی توندی دایە.

### *زمانێکی نوێ*

واحساب دەکرێت کە فیلمەکە گەمەیەکی لە دژکاری مرۆیی بە قسەهێناوە و گۆڕیوویەتی بۆ کردەی پێشکەوتنی رووداوەکان, سەرەڕای ئەوەی هەردوو سەربازەکە رقیان لە "سەدام"ە, دەبینین "ئازاد" کە پێشتر برای کوژراوە و بەهیچ شێوەیەك عەرەبی نازانێت, بەڵام بە خێرایی سۆزی بۆ منداڵەکە دەجوڵێت, بە پێچەوانەی "رەشید" کە عەرەبی دەزانێت, بەڵام تەنها لە حاڵەتی زەروری نەبێت نایەوێ قسەی پێبکات.
زمان بەوەی کە هەڵگری پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ کۆمەڵگا و تاکەکان, لەحاڵەتی "رەشید"دا تێبینی ئەوە دەکەین کە نەبۆتە بزووێنەرێك بۆ لێکنزیکبوونەوەی مرۆیی و لەوانەیە هۆکارێکی نێگەتیڤیش بێت, بۆ ئەمەش, رەشید پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە دەربارەی سەردەمی "سەدام"ی تاوانبار هەیبوو, لەگەڵ هەبوونی ئەم خەم و پەژارەیەدا, رووداوەکانی کۆتایی نوێن, ئەمەش وەکو هێمایەکە کە بە تێکشکانی بەعس, ئەم شێوە پەیوەندییەش دەگۆڕێت. لێرەوە وا دەردەکەوێت کە فیلمەکە هەوڵدانێکە بۆ ئاشتبوونەوەیەکی نوێی کوردی– عێراقی, لەسەرزەمینی ئەو واقیعەی کە هەیە, لە دابەشکردنی عێراق.

### *هێمای رۆمانسی*

فیلمەکە بەوە کۆتایی دێت کە منداڵەکە سواری ئەو فارگۆنە سەربازییە دەبێت کە "رەشید" لێی دەخوڕێ و بەرەو سەربازگەکەی دەگەڕێتەوە, تەرمی "ئازاد"ی هاوڕێی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە, بارانێکی بەخوڕ دادەبارێت, مۆسیقایەکی خەمگین و روون بارانەکە دەشکێنێت و روانینەکانی "سەدام"ی منداڵ بەرەو لای "ئازاد" دەبات, لە خوێنەکەیەوە درێژ دەبێتەوە و لەسەر روخساریدا زەردەخەنەی رەزامەندی دەردەکەوێت.
لێرەوە منداڵەکە وا خەیاڵ دەکات کە ئەو "ئازاد"ەی خۆشی دەویست و رزگاری کرد و لەپێناویدا مرد, تا ئێستاش زیندووە. "ئازاد" لە دەلالەتێکی هێمایی, بە ئاماژەیەکی رۆمانسی دەردەکەوێت کە "نای" دەژەنێ, ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا ئاوازی کوردی بەردەوام هێمایە بۆ ئایندەیەکی جوان, ئەو ئایندەییەی سەرەڕای قوربانییە زۆرەکانی کورد هەر دێت, ئەمەش زەردەخەنەی رەزامەندی لەسەر لێوی منداڵەکە دروست دەکات.
بەڵام فیلمەکە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق لەبیر دەکات کە نوقمی تەرم و مردن و هەواڵی جەنگی تاییفی بۆتەوە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە داگیرکەر ئاشتی لە وڵاتەکەدا نەهێشتووە, لەگەڵ ئەمەشدا فیلمەکە ئیدانەی ئەم داگیرکەرەی نەکردووە و تاوانباری نەکردووە.
پرسیارێکی گرنگ کە دەمێنێتەوە ئەوەیە: ئایا کورد لەپێناو هەموو عێراقدا دەمرێت!؟ لەوانەیە, سەرەڕای ئەمەش فیلمەکە جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە, بەڵام واقیعی سیاسی ئەمە ناسەلمێنێ و پلانی نوێی ئەمریکیش ئەمە هەڵدەوەشێنێتەوە, ئەویش بەهۆی بەشداریپێکردنی (20) هەزار سەربازی کورد لە پاراستنی بەغدا و پاککردنەوەی لە تیرۆریستان.
شایانی باسە شەوکەت کورکی, لەساڵی (1973) لە شاری زاخۆی کوردستانی عێراق لە دایك بووە, پاش ئەو زوڵم و زۆرداریییەی لە ساڵی (1975) رووبەڕوویان بۆتەوە, خانەوادەکەی رایانکرد بۆ ئێران و تا ساڵی (1999) لەوێدا مانەوە.
فیلمی "پەڕینەوە لە غوبار" یەکەم کاری سینەمایی رۆمانی درێژی شەوکەتە, کۆمپانیای نارین بۆ بەرهەمهێنانی هونەری, بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی کوردستان بەرهەمیان هێناوە, پێشتریش چەند کارێکی سینەمایی کورتی کردبوو, لەوانە: "فڕینی دەبدەبەکان" لەساڵی (1997) و "دەریچە" کە خەڵاتی باشترین فیلمی ئێرانی ساڵەکەی وەرگرت.
جێی باسە کە یەکەم فیلمی کوردی پاش تێکشکانی رژێم لە ساڵی (2003)دا دەرهێنرا, ئەویش فیلمی "کیلۆمەتر زیرۆ"ی هونەر سەلیم بوو کە بەهۆی بابەتی فیلمەکەوە گفتوگۆ و دیالۆگێکی بەرفراوانی نایەوە.

سەرچاوە:
– سایتی "ئیسلام ئۆنلاین". نووسینی: سەعید ئەبو مەعەلا